**بەش: پەروەردەی تایبەت**

**کۆلێژ: پەروەردە**

**زانکۆ: سەڵاحەددین - هەولێر**

**بابەت: تیۆرەکانی فێربوون و فێرکردن**

**پەرتووکی کۆرس – (ساڵی 2) – سیمستەری دووەم**

**ناوی مامۆستا: پ. ی. د. آراز حکیم رضا**

**ساڵی خوێندنی: 2022 / 2023**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | تیۆرەکانی فێربوون و فێرکردن |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | پ. ی. د. آراز حکیم رضا |
| 3. بەش/ کۆلێژ | پەروەردەی تایبەت/ کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: araz.radha@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: +964 0750 749 0101 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: (3) سێ کاتژمێر |
| 6. ژمارەی کارکردن | (8) هەشت کاتژمێر |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | https://academics.su.edu.krd/araz.radha |
| 9. وشە سەرەکیەکان | تیۆرەکانی فێربوون و فێرکردن، تیۆرەکانی فێربوون و فێرکردن منداڵ، گەشە، پێگەیشتن، کۆرپەلە، بۆماوە، ژینگە، گلاند و ڕژێنەکان، بێبەشبوون، ڕەفتاری شەڕانگێزی، ڕەفتاری پشتپێبەستن، گەشەی جەستەیی، گەشەی هۆشەکی، گەشەی مۆراڵی، گەشەی کۆمەڵایەتی، گەشەی هەڵچوونی. |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

دەروونزانی منداڵ یەکێکە لەو بابەتە سەرەکی و پێویستانەی کە لە قۆناغی دووەمی بەشی (پەروەردەی تایبەت) لە سیمستەری یەکەم دەخوێندرێت، بە مەبەستی زیاتر ئاشناکردنی قوتابیانی ئەو بەشە بە بابەتەکانی دەروونزانی بە گشتی و دەروونزانی گەشە و گەشەی منداڵ بە تایبەتی بە شێوەیەکی زاستیانەی وورد، بە پشتبەستن بە سەرچاوەی زانیاری نوێ لە بوارەکەدا تا قوتابی لێیان ئاگادار بێت و بتوانێت سوود لەو زانیاریە تیۆرییانەی وەربگرێت بۆ لایەنی ژیانی خۆی و لە کاری پیشەیی داهاتوویاندا، ئەمەش چونکە دەروونزانی منداڵ دەخزێتە نێو وورد و درشتی ژیان و گەشەی تاکەوە لە قۆناغی سکپڕی تا ساتی لەدایك بوون و گەیشتن بە قۆناغی هەرزەکاری، کە بێگومان ئەمەش پەیوەندییەکی نزیك و ڕاستەوخۆی بە پسپۆڕییەکەیانەوە هەیە.

هەروەها بەکارهێنانی ئەو بابەتە بۆ ئاراستەکردنی قوتابیان بە شێوازێکی زانستیانە و پەروەردەییانە، تا بتوانن تاکی تەندروست و پڕچەك بە زانست زانیاری بەرهەم بهێنن لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش بەو هۆیەی کە ئەو زانستە (دەروونزانی منداڵ) لایەنە تیۆرییەکانی هەردوو زانستی (دەروونزانی گشتی) و (دەروونزانی گەشە) لەخۆی دەگرێت.

لەگەڵ ئەوانەشدا هەوڵدان بۆ شارەزابوون و وەرگرتنی ئەزموونی زانستی بە شێوەیەکی تیۆری دەربارەی دەوونزانی منداڵ و پێکهاتەکانی و تیۆرەکانی و گرنگترین ئەو بابەتانەی کە لەخۆی دەگرێت، ئەمەش چونکە دەروونزانی منداڵ بە لایەنێکی گرنگی بواری پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت، کە ئەرکی ڕێنماییکردن و ئاراستەکردنی قوتابی و مامۆستا و سەرجەم پێکهاتەکانی پەروەردە و فێرکردن لە ئەستۆ دەگرێت، بێگومان ئەمەش گرنگی بابەتەکە دەردەخات لە لایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە وا دەکات کە لە داهاتوودا هەڵگری پسپۆڕییەکەی خۆیان بن بەڕاستی و ئەرکی ڕێنمایی و ئاراستەکردن و مامۆستایەتیان لە بوارەکەی خۆیاندا وەکو پێویست و بێ کەموکورتی ببینن، ئەویش بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی زانستی ئەو لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەی کە لەم بابەتەدا خۆیان دەبیننەوە.

ئەمەش چونکە گەشەی منداڵ جەخت دەخاتە سەر سەرجەم لایەنەکانی گەشە، وەك گەشەی هەڵچوونی، هۆشەکی، کۆمەڵایەتی، جەستەیی و کەسایەتی منداڵ لە قۆناغی پێش لەدایکبوونەوە تاکو قۆناغی هەرزەکاری . هەروەک دەروونزانی گەشەی منداڵ وا دەکات تاکەکان فێری ئەوەبن کەوا چۆن ڕەفتار لەگەڵ منداڵ بکەن، جا ئەگەر ئەو کەسە باوك و دایکە، یان مامۆستایە لە قوتابخانە یان سەرپەرشتیاری منداڵە لە ماڵەوە یان لە دایەنگەکان.

**11. ئامانجەکانی کۆرس:**

دەتوانین گرنگترین ئامانجەکانی ئەم کۆرسە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

1- ئاشناکردنی قوتابیان بە بابەت و تەوەرەکانی دەروونزانی منداڵ بە شێوەیەکی تیۆری.
2- شارەزابوونی قوتابیان دەربارەی پراکتیزەکردنی ئەو لایەنە تیۆرییانەی لەم بابەتەدا دەیخوێنن لە داهاتووی کاری پیشەییاندا بە شێوەیەکی کارامە و لێهاتوویی زانستیانە.
3- یەکێك لە هەرە ئامانجە گرنگەکانی ئەم وانەیە بریتیە لە پێدانی زانیاری بە دایکان لەکاتی دووگیانیدا بۆ ئەوەی دووربکەون لە خواردن وخواردنەوەی نا تەندرووست کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ گەشەی منداڵ لەناو سکی دایکیدا هەیە.
4- بە خوێندنی بابەتی دەروونزانی گەشەی منداڵ قوتابی زانیاری وەردەگرێ لەبارەی گەشەی منداڵ لە سەرجەم لایەنەکانی گەشەوە.
5- فێربوونی قوتابی سەبارەت بەوەی هۆکارە دەرەکی وناوەکییەکان چین کەوا کاریگەریان لەسەر گەشەی منداڵ هەیە.

6 - تێگەیشتنی قوتابیان لەوەی کە چۆن تەمەنی منداڵ کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی ئەو کەسە لە دواتردا ولە قۆناغەکانی دیکەی تەمەندا، ئەمەش وا دەکات دایکان وباوکان بە وریاییترەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیاندا بکەن ولە حەز وئارەزووەکانیان تێ بگەن، وە هەوڵ بدەن بە پێی توانای هۆشەکی ئەوان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

**12. ئەرکەکانی قوتابی:**

ئامادەبوون و پابەندبوونی قوتابیان بە تەواوی لە وانەکان و کاتی تاقیکردنەوەکاندا، بەشداری بەردەوامی قوتابی بە دەربڕینی ڕاو تێگەیشتنی لە وانەکاندا، نووسینی راپۆرت و پێشکەشکردنی، ئەنجامدانی چالاکی پراکتیکی پەیوەست بە بابەتەکەوە.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە:**

ڕێگەی گفتوگۆ، ڕێگەی گروپات، بەکارهێنانی داتاشۆ و پاوەرپۆینت، تەختەی سپی، مەلزەمە.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

- کویز = (4) چوار نمرە.
- تاقیکردنەوەی مانگانە/ مانگی یەکەم = (15) پازدە نمرە.
- مانگی دووەم = (15) پازدە نمرە.
- ڕاپۆرت نووسین = (6) شەش نمرە.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

گرنگترین پەیامەکانی ئەم کۆرسە و ئەو لایەنانەی کە چاوەڕوان دەکرێت قوتابی لە کۆتایی ئەم کۆرسەدا فێریان ببێت خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە کە لە گرنگترینیان بریتیین لە:

1. شارەزابوون بە شێوەیەکی تیۆری دەربارەی دەروونزانی منداڵ.
2. شارەزابوون بە شێوەیەکی تیۆری دەربارەی گرنگترین تەوەر و لایەن و تیۆر و قوتابخانە و بیرورا جیاوازەکان لە بواری دەروونزانی منداڵ.
3. وەرگرتنی ئەو چەمك و زاراوانەی پەیوەندییان بەو زانستانەوە هەیە.
4. شارەزابوون دەربارەی مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەروونزانی منداڵ و سەرەتای بە زانست بوونی.
5. قوتابیانی ئەم بەشە لە ڕێگەی پشت بەستن بە لایەنە تیۆرییەکانی ئەم بابەتەوە چۆن دەتوانن ببن بە کەسی پسپۆڕ لە ڕێنماییکردن و ئاڕاستەکردنی پەروەردەیی و دەروونی لە بواری خۆیاندا.
6. بەشداریکردنێکی کارای هەڵگرانی ئەم پسپۆرییە لە چارەسەرکردنی گرفتە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو دامەزراوە پەروەردەییەکان و جەختکردنەوە لەسەر شێوازە دروستەکانی مامەڵەکردن و پەروەردەکردنی منداڵ.

**16. لیستی سەرچاوەکان:**

**1 - سەرچاوە بنەڕەتییەکان:**


- قەرەچەتانی، کریم شریف (1998) سایکۆلۆژیای منداڵ (بەشی دووەم)، چاپخانەی زانکۆ/ هەولێر، چاپی یەکەم.
- قەرەچەتانی، کریم شریف (2009) سایکۆلۆژیای گەشە (منداڵ و هەرزەکار)، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، چاپی یەکەم.
- الطواب، سيد محمود (2007) علم نفس النمو، كلية التربية، جامعة الاسكندرية.
- عباس محمود عەوەز (2012). دەروازەیەك بۆ سایکۆلوۆژیای گەشە (مندال - هەرزەکار- پیری). وەرگێرانی: قاسم علی عوسمان، نارین.
- محمد عودة الريماوي (2011). لە دەروونزانی منداڵدا، وەرگێرانی: ئاری عوسمان خیات، چاپی دووەم، نارین.
- عبدالمجيد أحمد وآخرون (2003). موسوعة تنمية الطفل في (سيكولوجية الطفولة المبكرة) طفل الحضانة والروضة، دار قباء.
- ڤۆلڤانگ بیرکمان (2015). دەروونناسی منداڵ وهەرزەکار - دەروازەیەك بۆ پەروەردەیەکی هاوچەرخ . وەرگێرانی: کامران چروستانی، چاپخانەی سەردەم.
- ثائر أحمد غباري و خالد محمد أبو شعيرة (2009). سيكولوجيا النمو الإنساني بين الطفولة والمراهقة ، مكتبة المجتمع العربي، الطبعة الأولى.
- أحمد محمد الزعبي (2001): علم نفس النمو (الطفولة والمراهقة) الأسس النظرية - المشكلات وسبل علاجها، دار زهران.
- Cole, M., Cole, S. R., & Lightfoot, C. (2009). The development of children. Macmillan.
- Owens, K. B. (2012). Child & adolescent development: An integrated approach. Wadsworth/Thomson Learning.
- Shaffer, D. R., & Kipp, K. (2010). Developmental psychology: Childhood and adolescence. Cengage Learning.

**2 - گۆڤار و ڕیڤیو و (ئینتەرنێت):**

هەروەها سوود وەرگرتن لە چەندین سەرچاوەی ئینتەرنێت بۆ وەرگرتنی وێنە و دایەگرام و ڤیدیۆی پەیوەست بە بابەتەکەوە.

**17. بابەتەکان:**

**ناوەڕۆکی زانستی بابەتەکە:**

| | |
|---|---|
| **هەفتەی یەکەم** | - پێدانی ناوەڕۆکی بابەت و کورتەیەك دەربارەی بابەت. |
| **هەفتەی دووەم** | - دەروازەیەك بۆدەروونزانی گەشەی منداڵ.<br>- بابەتی گەشە وڕێبازەکانی توێژینەوەی.<br>- دەروونزانی گەشە و پەیوەندی بە زانستەکانی تر. |
| **هەفتەی سێیەم** | - لایەنەکانی گەشە و پەرەسەندن.<br>- گرنگی توێژینەوە لە بواری دەروونزانی گەشە. |
| **هەفتەی چوارەم** | - گرنگی دەروونزانی گەشە. |
| **هەفتەی پێنجەم** | - گەشە لە قۆناغی کۆرپەلە و قۆناغەکانی دووگیانی (پیتاندنی هێلکۆکە و گەشەی کۆرپەلە).<br>- زاوزێ و زیادکردنی ڕەگەزی. |
| **هەفتەی شەشەم** | - فاکتەرە کاریگەریەکانی سەر گەشەی مرۆڤ.<br>- بۆماوە وکاریگەری جینەکان وتێکچونی بۆهێلەکان.<br>- دیاریکردنی ڕەگەزی کۆرپەلە. |
| **هەفتەی حەفتەم** | - پێــــگەیشتن.<br>- گــــلانـــــد و ڕژێنەکـــان. |
| **هەفتەی هەشتەم** | **تاقیکردنەوەی مانگانە - یەکەم** |
| **هەفتەی نۆیەم** | - فاکتەرە دەرەکییەکانی گەشە.<br>- قۆناغەکانی ژیانی منداڵ و پێویستیەکانی گەشە تێیدا. |
| **هەفتەی دەیەم** | - گرنگی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی منداڵدا.<br>- گرنگی بایۆلۆژیای پێش لەکەوتنی دەروونزانی منداڵ. |
| **هەفتەی یازدەم** | - قوتابخانە سایکۆلۆژیەکان وکاریگەریان لە سەر دەروونزانی گەشەی منداڵ.<br>- ەندێك لە پێویستییەکان ولێکۆشینەکانی گەشەی منداڵ. |
| **هەفتەی دوازدەم** | - بێ بەشبوون وکاریگەری نەبوونی دایك و کەم و کوڕییە ژینگەیەکان وهەستییەکان لە ژیانی منداڵ.<br>- گرنگی باخچەی ساواکان لەژیانی منداڵ. |
| **هەفتەی سێزدەم** | - گەشەی زمانی منداڵ.<br>- گەشەی هۆشەکی منداڵ. |
| **هەفتەی چواردەم** | - گەشەی کۆمەڵایەتی و چەمکی هاوڕێیەتی لای منداڵ.<br>- گەشەی مۆڕاڵ لای منداڵ.<br>- دەرکەوتنی ڕەفتاری شەڕانگێزی و ڕۆڵی میدیا و ڕاگەیاندن تێیدا. |
| **هەفتەی پازدەم** | **تاقیکردنەوەی مانگانە - دووەم** |

| | |
|---|---|
| 18. بابەتی پراکتیک: نییە. | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:**

**پ/ مەبەست لە تیۆرەکانی فێربوون و فێرکردن منداڵ چییە؟ و گرنگترین ئامانجەکانی چین؟ بە تەواوی ڕوونی بکەرەوە.**

**2. راست وچەوت:**

پ/ نیشانەی ڕاست یان هەڵە دابنێ و هەڵەكانیش ڕاستبكەرەوە ئەگەر هەبێت:

1 - زانا (ژان پیاژێ) باس لە گەشەی هەڵچوونی منداڵ دەكات.

**3. بژاردەی زۆر:**

**پ/ تیۆرەكانی فێربوون و فێركردن گەشە گرنگی دەدات بە قۆناغەكانی:**

**1 - پێش لەدایكبوون 2- منداڵی 3- هەرزەكاری 4- سەرجەمیان.**

**4. بۆشایی:**

**لە گرنگییەكانی تیۆرەكانی فێربوون و فێركردن منداڵ ................... ، ................... ، ...................... .**

**20. تێبینی تر: نییە.**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ:**



**مامۆستای بابەت**

**پ. ی. د. آراز حكیم رضا**